ئامادەیی هەیە، بووە هۆی بەرهەمهێنانەوەی پانتاییەکی گەورەیی بێدەنگی لەبەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی دەسەلاتدارێتی کورد خۆیدا بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان، ماف ئافرەتان، ئازادی ڕادەربڕین، ئیتر " تێکنەچوونی وێنەی کورد" لەوە دەکەوێت فاکتەرێکی رادیکاڵ بێت . بەڵکو دەبێتە فاکتەرێکی کۆنسەرڤەتیف و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە فراوانکردنەوەی سیستەمی سەرکوتدا.

## دوا وتە

نێوانی ژووری زیندانی ئەو کەسەی کە بڕیاری ئیعدامکردنی بەسەردا دراوە و ژووری جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەی ئیعدامکردنە تەنها بیست مەترێکە. ئەگەر زیندانەکانی تەکساسی ئەمریکی شوێنی ئەم نمایشی مەرگە بێت. ئەو کەسەی بڕیارە ئیعدام بکرێت، دوو پۆلیس ئەملاولای دەگرن و پێکەوە بەرە و ژووری ئیعدامکردن ڕێدەکەون. پۆلیسێکیان بەدەنگی بەرز هاوار دەکات تا پۆلیسی ژووری ئیعدام ئامادەبێت. ئەو بە دەنگی بەرز دەڵێ:" پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ئەم دەستەواژەیە لە هەرکاتێکدا ئیعدامکردن ڕوودبدات، لەلایەن پۆلیسی زیندانەوە دەوترێتەوە. هەر ئەم نمایشەش یەکێك لە بەهێزترین دیمەنەکانی فیلمی "پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ی "سوزان سارانۆنە" کە خەلاتی ئۆسکاری پێ وەرگرت و پرسیاری



ئیعدامی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کۆنگرێسی ئەمریکدا بەرز ڕاگرت. بەلام ئەوەی جێگای سەرنجدانە لە پەیوەند بە باسی منەوە لەم وتارەدا، ئەو نزیکایەتییە گەورەیە لە نێوان قوربانی تاوانی شەرەف و زیندانییەکی بڕیاری مەرگ بەسەردا دراوی زیندانێکی ئەمریکادایە. "پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ئاماژە بە زیندانییەك دەکات کە ساتە وەختێکە بڕیاری مەرگی بەسەردا دراوە. ڕۆژی ئیعدامکردنەکەیشی تەنها نمایشێکی زیندووی ئەم پرۆسەی کوشتنەیە. کەسی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراو، لەو ڕۆژەوەی هەواڵی مەرگی بەسەردا دراوە مردووە. ئەو لە ڕۆژی ئیعدامکردنیدا، تەنها ئەو مردووەیە کە دەکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی دوا نمایشی ئەم مەرگە ی خۆی ڕاگەیێنێت . ئەگەر ئەم دەستەواژەیە هەڵبگێڕینەوە و قوربانی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراوی ئەم نمایشە بکەینە ژنێك، ئەو کاتە دەبێتە:" ژنە مردووەکە بەڕێوەیە" ، ئەو ڕۆژەی ژنێك بە تاوانی شەرەفەوە دەکوژرێت، تەنها دوا نمایشی ئەم پرۆسەی مەرگەیە. ئەو، ئەو مردووە زیندووەیە کە لە ڕۆژی چاوکردنەوەیەوە و ناسینی سنوورەکانی دەوروبەری خۆیەوە، لەگەڵ بڕیاری مەرگدا دەژی. "شەرەف ئێمە بە تۆیە. ئەگەر هەنگاوێکت لەوی دیکە درێژ تر بێت، لێتدەکەوێت. ئەگەر کەوتیش، خۆت دەزانیت چی چاوەڕوانت دەکات" ئەم وشانەی کورێکی پەنابەر لە دەرەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە کۆمەلگای کوردیدا هەیە. ئەمە ئەو وشانەن کە هەموو کیژۆلەیەکی منال لە تەمەنێکی کەمەوە



دەیبیستێت. لەم تەمەنەدا قسە لەسەر کردەوەیەکی سێکسی نییە، هێندە نەبێ کە بە زمانی ئامۆژگارییەکی دایکانە بۆ کیژۆلان هەڵدەڕێژرێت. کچەکەم بازی گەورە نەدەیت، نەکەی سواری پاسکیل بیت.

لە کۆمەلگای کوردیدا کچان و ژنان لەگەڵ هەڕەشەی مەرگدا گەورە دەبن و دەست و پەنجە نەرمدەکەن، ئەوان دەزانن کە بڕیاری مەرگ دەمێکە بەسەریاندا دراوە، ئەوان ئەو مردووە بەسەر زیندووانەن کە ڕۆژانە بە بەرچاوماندا دەگەڕێن، ڕۆژی کوشتنیان، کۆتایی مەرگیان نییە، بەڵکو کۆتایی گەڕانی مردوویەکە کە چیدی توانای گەڕانی نامێنێت. فاتمە ئەو ڕۆژە نەکوژرا باوکی فیشەکەکانی نا بەسەریەوە، فاتمە دەمێکە کوژراوە و بە مردوویی بە بەرچاوماندا دەگەڕێ، ئەو لە ڕۆژی پێوەنانی فیشەکەکاندا ئیتر وەك مردوویەك دوا نمایشەکانی گەڕانی ئەم مردووە زیندووەی پێ ڕاگەیاندین.

من لەم نووسینەدا کەمتر خۆم لەقەرەی ڕۆڵی ئایین دا لە کاریگەرییەکانی بۆ بەرهەمهێنانەوەی چەمکی شەرەفدا، ئەویش لەبەر ئەو ڕاستییە سادەیەی کە بەستنەوەی شەرەف خێزان و خێڵ بە سێکسوالیتێتی ژنانەوە مێژوویەکی درێژتری لە مێژووی ئاینەکان هەیە، دەسەلاتی باوکسالاری ناو ئایین کە بێ پەردە قسەی خۆی کردووە لە پەیوەند بە ئافرەتاندا، بە پیرۆزی دەقە ئاسمانییەکان ئەم نمایشەی شەرەف لە خەرمانەیەکی پیرۆزەوە دەئالێنێت.



# کورد و خەوارجەکان لەسەردەمی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا



نووسینی: م. کەیوان ئازاد ئەنوەر
*مامۆستای بەشی مێژوو لەزانکۆی سلێمانی*

خەوارجەکان کە کۆمەڵێکی ئایینی و سیاسی ئەو سەردەمە بوون، هەروەك چۆن بە درێژایی هەشتاونۆ ساڵی دەسەلاتی ئەمەوییەکان دژایەتییان کرد، ئاوەهاش هەمان سیاسەت و هەڵوێست بۆ سەردەمی عەباسییەکان درێژەیی کێشا و ڕاپەڕین و بزوتنەوەکانیان ناوچە دوور دەستەکانی یەمەن و سەجستان و عومان و هەرێمی جەزیرە و ناوچەکانی تری گرتەوە، لەبەرامبەردا کوردەکان لەسنووری ناوچەکانی خۆیاندا هاوکاری ئەو ڕاپەڕین و بزوتنەوانەیان کرد، سەرەڕای ئەو ڕاپەڕینانەی خۆیان بە ڕووی دەسەلاتدارانی عەباسیدا بەرپایان کرد و بە ((خەوارج)) ناوبران.

لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی شێوازی ئەو پەیوەندییانەی داڕشت ئەمانە بوون:

١- سروشتی سەختی شاخاوی ناوچەکانی کوردستان کە